

# جەلالەدینی ڕۆمی لە چل ڕێساکەی عەشقدا

باران

محەمەد عەلوان جەبر

کاریگەرییەکەی تەنها بینراو نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەرد گۆماو دەشڵەقێنێت و بازنگەلێك لەو شوێنەی کە لێی دەکەوێتە خوارەوە دروستدەکات. لە چاوتروکانێکدا ئەو بازنەیە گەورەتر دەبێت، بازنە لەدوای بازنە دروستدەبێت، دواتر ئەو شەپۆلانەی کە بەردەکە دروستیکرد، لەسەر ڕوی ئەو ئاوەی کە لە ئاوێنە دەچێت گەورەتر دەبن. ئەم بازنەیە لەناو ناچێت تا ئەو کاتەی کە بازنەکان دەگەنە کەناراوەکان.

ئەگەر بەردێك بخەیتە ناو ڕوبارێکەوە، ئەوکاتە ڕوبارەکە وەك جوڵەیەکی دیکە بێ سەروبەر لێکیدەداتەوە لە ڕەوتە نائارامەکەیدا، بەڵام کاتێك کە ئەو بەردە دەکەوێتە ناو دەریاچەیەکەوە، ئیدی ئەو دەریاچەیە وەك پێشتر نامێنێت.

ڕۆماننوسی تورك ئەلیف شافاق بوونی خۆی بەهێزەوە لەناو جیهانی ڕۆمانی جیهانیدا سەلماند، دوای دەرکردنی دەهەمین ڕۆمانی بەناوی (چل ڕێسای عەشق). ئەم ڕۆمانە لەلایەن خانەی تۆی چاپکراوە و لەلایەن خالید ئەلجوبەیلییەوە وەرگێڕانی بۆکراوە. ئەڵبەتە ئەم ڕۆمانە ناونیشانێکی دیکەشی هەیە، ئەویش (ڕۆمانێك لە بارەی جەلالەدینی ڕۆمی)یەوە، ئەم ڕۆمانە لە گەشتێکدا دەمانباتەوە بۆ ماوەی نێوان سەدەی سیانزەهەم و سەدەی بیست و یەك و بەتایبەت بۆ ساڵی 2008 ئەوکاتەی کە خاتو (ئیلا ڕۆبنشتاین) کە خانمێکی چل ساڵان بو و ژیانی بریتی بوو لە گۆماوێکی ئارامی بێ شڵپە تا ئەوکاتەی کە بەردی ڕۆماننوس ئا. ز. زاهارا دەکەوێتە ناو ژیانیەوە، هەروەك ژیانی جەلالەدینی ڕۆمی بەر لەوەی کە بەردی شەمسی تەبریزی بکەوێتەناوییەوە.

کەواتە ئێمە لەبەردەم سێ حاڵەتداین، کە لە دەوری سێ کەسایەتیدا کۆدەبێتەوە.. ئیلا وەك پسپۆڕێك لە یەکێك لە خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا کاردەکات... ڕۆمانێکی دەخەنەبەردەست بۆ خوێندنەوەی بەناونیشانی (کفری شیرین)، یاخود ئەو بەردەی کە ژیانی دەکاتە چەند بازنەیەك .. کە تا نەگەیشتە کەناراوەکان کۆتایی پێنەهات، ژیانی ئەوکاتە گۆڕا کاتێك لە خانەی چاپەو بڵاو کردنەوەوە پەیوەندییان پێوەکرد و داوایان لێکرد، کە ڕۆمانێك بخوێنێتەوە کە نوسەرەکەی نەناسراوە و لەبارەوە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بنوسێت و وادەیەك دابنێت بۆ تەواوکردنی. نوسەری ڕۆمانەکە لە هۆڵندا دەژی، ئەمە لە خوێندنەوەی پیشەکەی نوسەری ڕۆمانەکەدا دەرکەوت (ئەم ڕۆمانە ڕوداوەکانی لەسەدەی سیانزەهەمدا ڕودەدات لە قۆنیە لە ئاسیای ناوەند، ئەم ڕۆمانە مانەوییە مێژوییە باس لەو پەیوەندییە دەکات کە جەلالەدین ڕۆمی دەبەستێتەوە بە شەمسی تەبریزی، ئەو دەروێشە دیارە نەناسراوەی کە ژیانی پڕیەتی لە کاری ئابڕوبەرانە و سەرسوڕهێنەر)، لێرەدا بەردەکان بەئاسمانەوە لورەی دێت، تا ئەوکاتەی کە بەرگی ڕۆمانەکە دەکرێتەوەو دەستدەکەین بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ئیلای پاڵەوانەکەی، ئێمە ئێستا لە ساڵی 1252 داین ، بکوژێك باس لە قوربانییەکەی دەکات کە لەسەر لێواری بیرێك کەوتەوە. تێدەگەین کە ئەو بکوژە ئەندامێکی پێشوی گروپی حەشاشەکانە، کە لە قەڵای ئەلەمۆت هەڵهاتوە و ناچارکراوە ئەو کارە ئەنجامبدات، گەر ئەو کارەش نەکات، ئەوا لەلایەن ئەو کەسەی کە هەڕەشەی لێکراوە ئاشکرا دەکرێت. ئەوکاتە هەست بە بایەخی کەسە کوژراوەکە دەکەین، کاتێك کە گێڕانەوەکە لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئەمەش توانای نوسەرەکەمان بۆ دەردەخات لە کارەکەیدا، ڕۆمانەکە بەوە دەستپێدەکات

کاتێك کە گوێمان لە دەنگی قوربانییەکە دەبێت، کاتێك کە باس لە نزیکبونەوەی بکوژەکە دەکات لێی و دواتر دەیخاتە ناو بیرێکەوە و لەسەر بیرەکەش گوێمان لە هاواری ڕۆمی دەبێت.

دەنگی خولانەوەی بەردەکە دێت لە ژیانی ڕۆمیدا، ئەوکاتەی کە دەروێش مەودایەکی زۆر دەبڕێت لە ئێرانەوە بۆ بەغداد و لەوێوە بۆ قۆنیە لە تورکیا تا چاوی بە کەسێك بکەوێت ،کە خواوەند ڕێنمایی کردووە ببینێت. دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنی لەیەکێك لە شەقامەکانی قونیە یەکتر ئەبینن، ڕۆمی لە کەژاوەکەیدا و دەروێشەکە سەرنجی هەموان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، کاتێك کە باسی پەیوەندی لەگەڵ خواوەند دەکات بۆ ڕۆمی، لەو کاتەوە ئەو دوو کەسە دەبنە هاوڕێ کە لێك جیانابنەوە و ژیانیان پڕ دەبێت لە نهێنی و تەسەوف.

لەم ڕۆمانە جوانەدا ئەلیف شافاق ناچارماندەکات لەنێوان جیهانی ئەو سێ کەسەدا گەشت بکەین و بکەوینە دوای ئەو بازنانەی، کە ئەو سێ کەسە دروستیدەکەن لە ئاوە مەنگەکاندا، لە سەدەی سیانزەهەمەوە دێینەوە سەدەی بیست و یەکەم لەگەڵ ئێلادا ئاشنادەبین بە تەسەوف و پیلانگێڕان و ئەو جەنگەی دەروێش شەمس دروستیدەکات لە دۆزینەوەی دیار و نادیار لەناو دوتوێی قورئانی پیرۆز و گەڕان بەدوای خواوەند و چەسپاندنی موسیقا و ڕۆحی تەسەوف. لەو کاتەدا کە ئێلا ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، ئێمەش لەگەڵیدا ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، لەو کاتەش کە پەرۆشی لەگەڵ خۆیدا دەیبات، تا زیاتر لە بارەی ژیانی نوسەرەکەوە بزانێت، لە گۆگڵدا بە دوای زانیاری زیاتر لەسەر نوسەرەکە دەگەڕێت و زۆرێك لە شیعرەکانی جەلالەدینی ڕۆمی بەرچاو ئەکەوێت. بۆ زیاتر ناسینی نوسەرەکە نامەیەکی ئەلکترۆنی دەنێرێت بۆ نوسەرەکە و پێیدەڵێت کە ئەم ئەو شارەزایەیە کە ڕۆمانەکەی دەخوێنێتەوە... دەستبەجێ وەڵامێکی خێرای نامەکەی بەدەستەگاتەوە، ئەویش دەستدەکات بە خوێندنەوەی و دواتر نامەی لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی بۆ دەنوسێت و ئەویش لە ڕوی دەرونییەوە هاوکاری دەکات، بە تایبەت لە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئێلا باسی لە هەلومەرجی خێزانی و دەرونی دەکات، پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ناپاکی بەرامبەر دەکات و پەیوەندی لەگەڵ منداڵ و کۆمەڵگەکەی. زۆرینەی نامەکان سەراسیمەیی تێدایە بۆ کەسایەتی شەمسی تەبریزی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیدا ... لەو کاتەی کە پەیوندییەکەی لەگەڵ ئازاهارا ئەچێتە پێشەوە، پەیوەندییەکانی جەلالەدینی ڕومیش لەگەڵ شەمسی تەبریزی، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چەند کەسێك لەناو ڕۆمانەکەدا، دەچێتە پێشەوە ، ئەمەش توانای نوسەرەکەیمان لە نوسیندا بۆ دەردەخات. هەر کارەکتەرێك ڕوداوێك تەواودەکات و دەیگوازێتەوە، یان بۆ ڕابورد، یاخود بۆ داهاتو و کاتی ئێستا. بەمشێوەیە بە کاوەخۆ و زمانێکی چاپوکەوە، لەگەڵ موتەسەوفەکاندا هەنگاو بە هەنگاو پەیوەندی دروستدەکەین و دواتر ئەو پاکیزەییەمان بۆ دەردەکەوێت لە عەزیزدا کاتێك کە چاوی بە ئایلا ئەکەوێت و سورە لە سەر بینینی، ئەمەش تەواو لەو پاکیزەییە ڕۆمی دەچێت لەگەڵ دەروێشدا. لە تامەزرۆیی سەراسیمەبوون بە ڕۆماننوسە گەنجەکە، بۆیەدەردەکەوێت کە خاوەن توانایەکی بەرزە لە زانیندا، کە زۆر لە کەسایەتی شەمسی تەبریزی نزیکی دەکاتەوە، ئەکەوێتە خۆشەویستی ئەزاهارا و زۆری لێدەکات کە پێکەوە لە ژورەکەیان پێکەوە بمێننەوە، پاکی ئەو کەسەی ئەو کاتە دەردەکەوێت، کاتێك کە داوای ئەنجامدانی سێکس دەکات، بەڵام ئەو تەنها دەسبازی لەگەڵ دەکات. دواجار ئەو ناتوانێت دەستبەرداری ئەو عەشقە بێت، بۆیە پێکەوە ئەچن بۆ قونیە بۆلای مەزاری جەلالەدینی ڕۆمی. لەوێ بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەزاهارا نەخۆشییەکی خراپی هەیە و دواتر گیان لەدەستدەدات و لە مەراسیمێکی بەشکۆدا لەتنیش مەزاری موتەسەفی گەورە جەلالەدینی ڕۆمی ئەنێژرێت. ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی گەمەیەکی هونەری زۆر گەورە و گێڕانەوەیەکی جوانە، کە بەتەواوەتی ڕاتدەکێشێت بەلای خۆیدا. گێڕانەوەیەك هاوشێوەی ڕۆماننوسە جیهانییەکان. ئەم ڕۆمانە سەرباری ئەوەی کە ڕوداوگەل و کاراکتەرێکی زۆرە، بەڵام نوسەر توانیویەتی لەشوێنێکەوە هێڵی سەرەکی ڕۆمانەکە بگرێت و لەوێوە بە حیکمەتەوە چاودێرییکات.